# شه ماڵ عه بدول وه فا ، وه زیری سلێمانی له کۆڕه که ی مانهایم  چی وت

ئه ڕده لان عه بدوڵلا

ماوه یه که یه کێتی فێری ئه وه بوون به ربرسی گه وره ی خۆیان بۆ ئه وروپا  بنێرێن. بۆ هه ر یه کێکیشیان کۆڕو سیمیناریان بۆ سازده که ن . مه به ست له م کۆڕو کۆبونه وانه ، جوانکردنی رووی یه کێتییه. به ڵام زۆر جار به پێچه وانه وه ئه و به ربرسانه هێنده ی تر، یه کێتی لای خه ڵکی ناشرین تر ده که ن. که چاوپێکه وتنه که ی مه لا به ختیارم گوێ لێبوو ، هێنده ی تر هێڵنجم له یه کێتی هاته وه . له لایه کی تره وه جه لالی ومه لایی فێری نووسینی ووتارله رۆژنامه عه ره بییه کان بوون، خه ریکه خه ڵاتی رۆژنامه وانی جیهانیش وه رگرن! . کاتێك که روونکردنه وه که ی وه زیری ناوخۆی حکومه ته که ی سلێمانی! بینی،که له سه رکاره ساته که ی که لار نووسیبووی . به زه بیم به و خه ڵکانه ده هاته وه که ئه م به رێزه ئاسایشیان ده پارێزێت.ئه و به رێزه هه ر ئه وه ی مابوو بڵێت که نووسه رانی ده ره وه،ئه و قه تل وعامه ی که لاریان کردووه . دیاره گه ر که سێك له و هه موو نووسه رانه بێ به ڵگه قسه ی کردبێت ، مانای ئه وه نییه که هه موو بێ به ڵگه قسه مان کردبێت .به هه ر حال بابێینه وه سه ر کۆڕه که ی ئه م وه زیره به ڕێزه ی سلێمانی . به حوکمی ئه وه ی له بانگه وازی کۆڕه که دا نووسرابوو ( وه زیری حکومه تی هه رێمی کوردستان ) زۆربه ی کورده کانی باشوور و ته نانه ت کورده کانی باکووریش ئاماده بوون . هه موو به ته مابووین که ئه م به ڕێزه باسی (گه نده ڵی سیاسی ، باری ئابووری ، قه تل وعامه که ی کوردستانی باکوور ورۆژهه ڵات).به ڵام ئه م به ڕێزه هه موو باسه کانی له وه سف وپیاهه ڵدان به حکومه ته که ی سلێمانی بوو. زۆر که س به پرسیار هه وڵیاندا که باسی ناوچه کانی تری کوردستان بکات . به ڵام ئه م براده ره له سه رچنار زیاتر تێنه ده په ڕی. کاتێکیش براده رێکی کوردی باکوور پرسیاری ده رباره ی هه ڵوێستی ئه وان به رامبه ر پارچه کانی تر کرد به تایبه ت باکوور . وه زیری به ڕێز ،هه تا بڵێیت زۆر بێ رێزانه وه ڵامی ئه و هه ڤاڵه ی دایه وه . جگه له وه ی ئه م به ڕێزه زۆر قه لس ده بوو کاتێك یه کێك پرسیارێکی توندی لێبکرادیه ، زۆرجار تابڵێیت زۆر ناشرینانه وه ڵامی ده دایه وه .

ئه م کۆڕه بووه هۆی تووره بوونێکی زۆری  یه کێتیه هه ولێری و خانه قینی و که رکووکیه کان .
من که بینیم یه کێتیه کان خۆیان واتووره ن له م هه ڤاڵ و وه زیره یان هیچم نه ووت ،چونکه ئه وان له جیاتی من ناڕه زایی خۆیان له دژی ئه م به ڕێزه ده ربری .

من هیوادارم  له یه کێتی کاتێك که یه کێك ده نێرنه ده ره وه بزانن که ، کوردی ده ره وه زۆریان جیاوازتره له کورده کانی ناوخۆ  . یه کێك بنێرن تاڕاده یه ك توانای کۆربه ستن و سیمیناری هه بێت . ئاخر خۆ ئێره کوردستان نییه ، هه ر که س ره خنه ی لێ گرتن بیده نه به ر گووله یان زیندانی بکه ن .

له وه تی پارتی به ده بابه کانی به عس یه کێتی له هه ولێر ده رکردووه ، یه کێتی تووشی په تایه کی گه وره ی ناوچه گه ری و سلێمانچێتی بووه . که خه ڵکانێکی زۆری ناو یه کێتی ترسی گه وره یان له م دیارده یه هه یه.ئه مرۆ  ئه م دیارده یه له هه موو ده زگاکانی یه کێتیه وه دیاره . هه ر له راگه یاندنه وه تاده گاته پێشمه رگه و داریی و ده زگاکانی تر .

له هه مان کاتیش هه موو به رپرسه کانی ناو یه کێتی ، به شێوه یه کی زۆر خۆپه رستانه و ده به نگانه هێرش ده که نه سه ر پارچه کانی تری کوردستان . له پێش هه مووشیانه وه جه لال تاله بانی . جه لال له واشنتۆن و نیۆرك سه دجار ووتی په که که تیرۆسته ، سوریا دۆستمانه ، ئێران براگه وره یه . له کاتێکیشدا هه موومان ده زانین ئه و ڕژێمه دڕنده فاشستانه چۆن له گه ڵ کوردا هه ڵسوکه وت ده که ن . ئه مرۆ یه کێتی له گێژاویێکی زۆر گه وره دایه ، گه ر چاره سه ری خۆیان نه که ن ، به دڵنیایه وه کۆتایی به مۆمی داگیرساویان دێت .